# ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا

## توێژینەوەیەکی شیکارییە

**جوان جەلالەدین محێدین[1] - هێرش ڕەسوڵ موراد[2] - هۆشیار موزەفەر عەلی[3]**

[1+3]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بازارگەری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا، ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوەوە. بەئامانجی دەرخستنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و، دەستنیشانکردنی ڕادەی بنکۆڵکاریبونی ڕاپۆرتو لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنوسییەکانی هەریەکە لە بەرنامەی (بنکۆڵ) و (سندوقی ڕەش) لە کەناڵی ئاسمانیی (کوردستان ٢٤) و پێگەی (دیبلۆماتیک مەگەزین)، لە ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵیدا، کە وەک مشتەی توێژینەوەکە وەرگیراون و، شوێنی کەناڵەکان دەکەونە نێو ئیدارەی هەرێمی کوردستان و، لە تەواوی مانگەکانی ساڵی (٢٠٢١)، بۆ تەواوی ئەو ڕاپۆرتانەی تایبەتن بە گەندەڵی لە هەردوو مشتەی توێژینەوەکەدا.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، ڕێکاری ناخشیکاری بەکارهێنراوە، بۆ شیکارکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکانی مشتەی توێژینەوەکە، شیکارکردنەکە لەچەند لایەنێکدا خراوەتەڕو، ئەوانیش: دیاریکردنی جۆرەکانی گەندەڵی و لەنێویاندا بابەتەکانی پەیوەست بە هەریەکێک لە جۆرەکان، هەروەها خستنەڕوی ئامانج و بەهای ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان و، دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاری لەنێو ڕاپۆرتە وەرگیراوەکاندا. لە هەڵسەنگاندنەکەدا توێژەر ناخشیکاری بۆ سنوری جوگرافی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان کردوە.

لە ئەنجامەکاندا دەرکەوتوە لەگەڵ ئەوەی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی نمونەی توێژینەوەکە، کاریان لەسەر دەرخستنی بابەتەکانی گەندەڵی کردوە، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی، لەپلەی یەکەمدا کارکردنیان لە دۆسییەکانی (گەندەڵیی دارایی و ئابوری) بوە، بەڕێژەی (٥٤٪)، بەڵام هیچ کارێکیان لەسەر دۆسییەکانی گەندەڵیی سیاسیی نەکردوە، لەکاتێکدا ئامانجی سەرەکییان بەڕێژەی (٣٣.٧٪) ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی بوە، و، لەخستنەڕوی گەندەڵییەکاندا، جیاوازی لە سنوری جوگرافیدا بەدیدەکرێت، بەجۆرێک لە پارێزگای سلێمانی زۆرترین کارکراوە بەڕێژەی (٣٧.٨٪)، گەندەڵییەکان خراونەتەڕو، بەبەراورد بە پارێزگای هەولێر کە ڕێژەکەی (١٣.٥٪)، هەروەها ئەنجامەکان ئەوەیان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

ئاشـــــكراكردوە كە تاڕادەیەک كاریان لەچوارچێوەی تایبەتمەندییەكانی ڕاپۆرتە بنكۆڵكارییەكان كردوە.

**كلیلە وشـەكان:** ڕۆڵ، ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری، گەندەڵی، هەرێمی كوردستان- عێراق.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1
**Received:** 04-July-2022
**Accepted:** 25-July-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
jwan.muhedeen@univsul.edu.iq
hersh.rasool@spu.edu.iq
hoshyar.ali@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەكی:

ڕاگەیاندنی بنكۆڵكاری چەشنێكی نوییەی ڕاگەیاندنە كە كار لەسەر ئاشكراكردن و خستنەڕوی گەندەڵی و لادانەكان دەكات، هۆیەكی سەرەكییە بۆ خستنەڕوی ئەو گەندەڵی و لادانانەی لەلایەن لایەنێک یاخود گروپ و دەسەڵاتەوە دەكرێت، لەم چەشنەی ڕاگەیاندندا ئەركە ڕاستەقینە و، سەرەكییەكەی ڕاگەیاندن كە، چاودێریكردنە بەرجەستە دەبێت، چونكە ڕاگەیاندن دەسەڵاتێكی سەربەخۆیەو، بە تەواوكەری سێ دەسەڵاتی (یاسادانان، جێبەجێكردن، دادوەری) دادەنرێت و بەدەسەڵاتی چوارەم ناسراوە، هۆیەكە بۆ چاودێریكردنی كایەكانی دەسەڵات، دەشێت بەكاركردن لەم چەشنەی ڕاگەیاندندا ببێتە هۆیەک بۆ ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی و كۆمەڵ لە خراپە و لادانەكان بپارێزێت.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا سودی لەچەند توێژینەوەیەک وەرگرتوە، یەكێک لەو توێژینەوانە ماستەرنامەیە ساڵی (٢٠١٦) لەژێر ناونیشانی (پشبەستنی جەماوەر بە بابەتی بەدواداچون لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری (توێژینەوەیەكی مەیدانییە)، پێشكەشی كۆلێژی ئادابی زانكۆی سەڵاحەددین- هەولێر كراوە. (خەلیل، ٢٠١٦)، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستوە، بۆ ڕێكارە مەیدانییەكەی ناخشیكاریی و ڕوپێویی بەكارهێناوە، كە گەیشتوە بەو دەرەنجامەی زۆرینەی بەرتوێژان بۆ دەستكەوتنی زانیاری پشتیان بە ئەو بەرنامەیە بەستوە كە توێژەر ناخشیكاری بۆ كردوە و پێیانوابوە كە بەدواداچونەكانی لە ئاستێكی باشدابون.

لەنێو توێژینەوەكان بە زمانی عەرەبی توێژینەوەی، (بشرى داود سبع) لە كۆلێژی ڕاگەیاندنی زانكۆی بەغداد، بەناونیشانی: أساليب المعالجة الإعلامية للقضايا السياسية في البرامج التلفزيونية الاستقصائية برنامج (ما خفي أعظم

من قناة الجزيرة) أنموذجا، وەرگیراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە چاودێریکردنی شێوازەکانی مامەڵەکردنی میدیاییە، لەگەڵ ئەو پرسە سیاسیانەی لەلایەن بەرنامە بنکۆڵکارییەکانەوە چارەسەر دەکرێن، هەروەها زانینی ئەو شێوازانەی لەمامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەکاندا بەکاردەهێنرێن، لەگەڵ چاودێریکردنی سەرچاوەی ئەو زانیاریانەی بەرنامەکە پێیڕاهاتوە. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، بە گرتنەبەری ڕێکاری ناخشیکاریی، کە ماوەی ٩ مانگی لە نمونەی توێژینەوەکە وەرگرتوە، (٣/١- ٢٠١٨/١٢/٣١). لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە بریتییە لەوەی نمونەی توێژینەوەکە چەند شێوازێکی بەکارهێناوە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتانەی وروژێنراون، و بەجدی مامەڵەی لەگەڵ ناوەڕۆکەکەدا کردوە، پشتی بە زانیاری و داتا و ئامار و ژمارە و سەرچاوەی ڕاستەوخۆ بەستوە، دواتر ڕوداوەکەی بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی خۆی و بەستنەوەی بە ڕوداو و هۆکار و ئەنجامەکانی تر. هەروەها سەرچاوەی سەرەکی بابەتەکانیش کەسانی پسپۆڕن.

یەکێکی تر لەو توێژینەوانەی کە لەڕوی ناونیشانەوە زۆر نزیکە لەم تێزە، ماستەرنامەیەکە بە ناونیشانی (دور الصحافة الإستقصائية في كشف قضايا الفساد من وجهة نظر الصحفيين الأردنيين) کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩، پێشکەش بە کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی (الشرق الاوسط) لە ئەردەن کراوە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە: زانینی پێگەی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە ئەردەن لە دیدی ڕۆژنامەنوسانی ئەردەنی، هەروەها کاریگەربونی پرسەکانی گەندەڵیی لەسەر کۆمەڵگەی ئەردەنی لەڕوانگەی ڕۆژنامەنوسانەوە، هەروا دەرخستنی ئەو ڕۆڵەی ڕۆژنامەنوسانی بنکۆڵکار دەیبینن لە ئاشکراکردنی دۆسیەکانی گەندەڵیدا. توێژینەوەکە ڕێبازی ڕاپێوی بەکارهێناوە، و ١١٩ ڕۆژنامەنوسی لە (حزبیی، حکومیی، سەربەخۆ) وەک مشتە وەرگرتوە.

لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە، بریتییە لەوەی ڕۆژنامەنوسان پێویستیان بە ڕاهێنان لە بواری ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری هەیە، هەروەها ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری ڕۆڵی هەیە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ و دۆزینەوەی دۆسیەکانی گەندەڵیدا.

یەکێکی تر لەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا ئەنجامدراوە توێژینەوەیەکە بە ناونیشانی: (The Media's Role in Fighting Corruption: Media Effects on Governmental Accountability) . ئەم توێژینەوەیە لە پەیوەندی نێوان ئازادیی میدیا و گەندەڵی دەکۆڵێتەوە، دەرەنجامەکانی ئەوە دەخاتەڕو پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ئازادیی میدیا و گەندەڵی، بەجۆرێک چەندە ئاستی ئازادیی میدیا بەرزبێت، ئاستی بونی گەندەڵی نزم دەبێتەوە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەڕو ئازادیی میدیا ڕەنگە کاریگەری ناڕاستەوخۆ و بەهێزتری لەسەر گەندەڵی هەبێت، کاتێک لەگەڵ دامەزراوە بەهێزەکانی لێپرسینەوەی ئاسۆیی (سەربەخۆیی دادوەریی و سیستەمی سیاسیی). یەکدەگرێتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

توێژینەوەکە بەو دەرئەنجامە گەیشتوە، پەیوەندی نێوان ئازادیی میدیا و گەندەڵی بەهێزترینە، لەو وڵاتانەی سیستەمی پەرلەمانییان هەیە، بە بەراورد بەو وڵاتانەی سیستەمی سەرۆکایەتییان هەیە، بەشێوەیەک لەگەڵ زیادبونی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییدا کاریگەرییەکە زیاتر دەبێت.

توێژینەوەکە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامەکان، ١٣٣ وڵاتی بە نمونە وەرگرتوە (١٩ وڵاتی ئەوروپای ڕۆژئاوا، ١٦ وڵاتی ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات، ١٢ وڵاتی ئاسیای ناوەڕاست، ١٢ وڵاتی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ٩ وڵاتی ئاسیای زەریای هێمن، ٨ وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقاوە، ٢٧ وڵات لە ئەفریقای ژێر سەحرا، و ٣٠ وڵات لە ئەمریکا (ئەمریکا و کەنەدا).

توێژینەوەکە بۆ شیکارکردنەکەی لە بابەتی گەندەڵییدا کاری لەسەر داتا و پێوەر و تێڕوانینەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی گەندەڵیی نێودەوڵەتی (TICPI) کردوە، بۆ بابەتی ئازادیی میدیا، داتاکان لە پێوەرەکانی ئازادی میدیای فریدۆم هاوسەوە (Freedom House Media) وەرگیراون، کە کاری لەسەر ئامارەکانی ئازادیی میدیا بۆ ساڵی (٢٠٠٤ – ٢٠٠٨) کردوە.

## ڕێبازنامەی توێژینەوەکە:

### کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە دەستنیشانکردنی ڕادەی بنکۆڵکاریبونی ڕاپۆرتو لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنوسییەکانی کەناڵی ئاسمانیی (کوردستان ٢٤) و پێگەی (دیبلۆماتیک مەگەزین) و، ڕۆڵیان لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵییدا، هەروەها تاچەند دەچنە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکارییەوە؟ سروشت و تایبەتمەندیی و ئاستی بایەخدانەکانیان چۆنەو، ڕۆڵیان لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵییدا چییە؟

### ئامانجی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لەهەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

١. دەستنیشانکردنی ڕادەی بنکۆڵکاریبونی ڕاپۆرتو لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنوسییەکانی کەناڵی ئاسمانیی (کوردستان ٢٤) و پێگەی (دیبلۆماتیک مەگەزین)، سروشتو تایبەتمەندییو ئاستی بایەخدانەکانیانو، ڕۆڵیان لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵییدا.

٢. ئاشکراکردنی ڕۆڵی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵییدا (بە هەمو جۆرەکانییەوە).

### جۆرو ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، لەڕوی جۆرەوە (وەسفیی)یە، و ڕێکاری (ناخشیکاریی- شیکاری ناوەڕۆکی) تێدا پەیرەوکراوە، کە یەکێکە لە دیارترین میتۆدەکان لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندنو هەوڵێکی زانستی ڕێکخراویشە بۆ بەدەستهێنانی ئەو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

داتاو زانیارییانەی وەسفی دیاردەیەک، یان کۆمەڵێک دیاردەی بابەتی توێژینەوە دەکات لەڕێی شرۆڤەکردنی پەیامی ڕاگەیاندنەوە.

## نمونەی توێژینەوەکە:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەرنامەی (بنکۆڵ)ی کەناڵی ئاسمانی (کوردستان ٢٤) و (سندوقی ڕەش)ی پێگەی (دیبلۆماتیک مەگەزین)ی وەک نمونە وەرگرتوە.

## دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان:

**ڕۆڵ:** بریتییە لە کردەیەکی ئەرێنیی یان نەرێنیی، کە هەر تاکێک، ڕێکخراوێک یان چالاکیەکی مرۆیی، یاخود ڕاگەیاندنەکان دەیبینن. ڕۆڵەکان جیاوازن، بەپێی ئەو ئەرکانەی لە کاتە جیاوازەکاندا دەیگێڕێت.

**ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی:** مەبەست لێی ئەو چەشنە نوێیەی کاری ڕاگەیاندنە، پشت دەبەستێت بە پەیبردنی وردی ڕۆژنامەنوس بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان کە، بەمەبەست یاخود بێ مەبەست هەوڵی پەردەپۆشکردنی دراوە.

**گەندەڵیی:** مەبەست لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتدا، دەکرێت لە سەرجەم بوارەکاندا گەندەڵکاران پشتی پێببەستن، دواجار هۆیەکە بۆ لاوازبونی کایەکانی دەسەڵات و کۆمەڵ و لەناوچونی.

**هەرێمی کوردستان- عیراق:** یەکەیەکی سیاسیی فیدراڵە، لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عیراقدا، کە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆکو هەڵەبجەو ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان دەگرێتەوە. خاوەنی (حکومەت، پەرلەمان، دەسەڵاتی دادوەریی و ئاڵا)ی خۆیەتی.

## ڕواڵەتەدروستیی:

توێژەر بۆ پێوانەکردنی **ڕواڵەتەدروستیی** پشتیبەستوە بە سەرنج و دیدی کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن (١) بۆ پێوانەکردنی ڕاستگۆیی فۆرمەکە، بۆ بڕیاردان لەسەر گونجاوی بڕگەکان، بەگۆڕین یاخود هەموارکردنەوەی کە کردویەتیە (٦٣.٤٪) و ڕێژەیەکی گونجاوە.

## پێوانەکردنی جێگیریی:

ڕێژەی جێگیریی (یەکە ودەستەکان) لە کۆی شیکارییەکاندا کردویەتیە (٩٧.٨)، لە ڕوی زانستیشەوە ئەم ئەنجامە بۆ توێژینەوەکە جێگیریەکی باشی هەیە و گونجاوە.

## ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری و گەندەڵی:

### ڕاگەیاندن و ئەرکی چاودێرکاریی

ئەرکی چاودێرکاریی لە ئەرکە گرنگەکانی ڕاگەیاندنە و بەتایبەت ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری کە، ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە بەجێهێنانی ئەرکی چاودێرکاریی، بەهۆیەوە دەتوانێت ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەم ببینێت، کاتێک دەبێتە چاودێرکار بەسەر دەسەڵاتەکانی (دادوەریی، یاسادانان، جێبەجێکردن). هەروەک (رسول، ٢٠١٦، ص٢٠٢) پێیوایە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

که ئەرکی چاودێرکاریی لە پێشینەی ئەرکەکانی ڕاگەیاندنە، کە پێویستە بۆ دروستکردنی ڕاگەیاندنێکی پرۆفیشناڵ و کاریگەر. هەربۆیە نەبون و لاوازی کاری بنکۆڵکاری کاریگەریی لەسەر پرۆفیشناڵ بون و ڕاستگۆیی کاری ڕاگەیاندن دەبێت، دەبێتە کەلێن لە کاری بنکۆڵکارییدا (حەمەساڵح، ٢٠١٧، ل٥٧) ، دواجار کار لەسەر ئەرکی چاودێرکاریی بنکۆڵکاری دەکات.

ڕاگەیاندن بەدرێژایی مێژو بەوە جیاکراوەتەوە توانای ئەزمونکردنی ئەرکی چاودێریکردن و ڕەخنەگرتنی هەیە (Watchdog and Critical)لەڕێی ڕەخنەگرتن لە سیاسەت و ئاڕاستەکان، لەبەرامبەردا خستنەڕوی چارەسەر و جێگرەوەکان کە، ئامانج لێی چاکسازی نێو کۆمەڵ و بەرەوپێشبردنیەتی، هاوکات بەردەوامی چاودێریکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و دەزگا جیاوازەکانی تر، هەروەها ئاشکراکردنی کەمتەرخەمییەکان و لادانەکان لەلایەن دەزگاکان و بەرپرسەکانیانەوە. (عبدالباقی، ٢٠١٣، ص٩٣).

گەشەسەندنی کۆمەڵ و فراوانبونی ئاڕاستەکانی دیموکراسی و دەرکەوتنی لە وڵاتاندا هۆکارن بۆ گەشەسەندنی ڕاگەیاندن و بەجێهێنانی ئەرکەکانی. کەواتە بون بە دەسەڵاتی چوارەم پەیوەستە بە سیستەمی سیاسیی وڵاتەوە، هەربۆیە لە سیستەمە دیموکراتییەکاندا ڕاگەیاندن هێزێکی کاریگەرە و، دەبێتە چاودێر بەسەر دەسەڵاتەکانی ترەوە، دەتوانێت ڕایگشتی لە هەڵە و کەموکورتی و، گەندەڵییەکان بەئاگا بهێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تیشکدەخاتە سەر ئەو گەندەڵییانەی لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەنجامدەدرێن و کاریگەریەکەی وەک ئامرازێکی چاودێرکار و هاریکاری دامەزراوەکانی تایبەت بە پرسی شەفافیەت دەستپاکی بەدیاردەکەوێت. (حەمەغەریب، ٢٠١٣، ل١٩٧).

ڕاگەیاندن لەلایەک ئەرکی چاودێریکردنی وەک دەسەڵاتی چوارەم و، لەلایەکی تر وەک دەسەڵاتێکی میللی لێپرسراوێتی ویژدانی لەئەسۆیە، بۆیە گرنگە بەتەواوی هەستکردن بە لێپرسراویەتیەوە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگاو تاکەکانی بکات بەتایبەت لە ئاشکراکردنی گەندەڵییەکان و گەندەڵکاران، هەروەها ڕوبەڕوبونەوەیان کە، دیاردەیەکی سامناکی نێو کۆمەڵە.

## ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری:

چەمکی بنکۆڵکاری لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا تاڕادەیەک نوێیە، وەکچۆن جۆری ڕاگەیاندنەکە بۆ خۆی چەشنێکی نوێیە لە دنیای ڕاگەیاندندا، بەو هۆیەشەوەیە هەندێجار وشەی تر لە بەرامبەری بەکاردەهێنرێت، وەک: (بەدواداچون، لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی، کنەوپشکنین، ... تاد)، بەڵام لە ئێستادا زۆرینە (بنکۆڵکاری) بەکاردەهێنن، بۆیە دەتوانرێت بوترێت وشەکە تاڕادەیەک لە فەرهەنگی ڕاگەیاندنی کوردیدا چەسپاوە.

وشەی (بنکۆڵکاری)، وشەیەکی ئاوێتەی کوردییە، لە هەردو وشەی (بنکۆڵ) و (کار) پێکهاتوە و، یەکەمیان (بنکۆڵ) بە واتاکانی "هەڵکۆڵین و توێتوێکردن و هەڵدانەوەی بانپۆشەکان و تێپەڕاندنی ڕواڵەت و ڕۆچون و شۆڕبونەوە بە ناخی شتەکاندا." دێت و لە بەرامبەر وشەکانی (Investigative) ی زمانی ئینگلیزی و (إستقصاء)ی زمانی عەرەبیدا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

بەكاردەهێنرێت و دوەمیشیان، واتە (كار)، بە واتاكانی "ئیش و چالاكیی" دێت و لە بەرامبەر وشەكانی (Work, Activity)ی زمانی ئینگلیزی و (عمل، نشاط)ی زمانی عەرەبیدا بەكاردەهێنرێت. (مەجید، ٢٠١٩، وانە)

**بنكۆڵكاری:**

بنكۆڵكاری، وەک هەر بوارێكی دیكەی زانستە مرۆییەكان چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ كراوە، بە چەندین شێوە لەلایەن ڕۆژنامەنوسان و، ئەكادیمییانی بوارەكە و، ڕێكخراوانی تایبەت بە بنكۆڵكاری، كە تاڕادەیەک پێناسە و ناساندنەكان دەچنە یەک چوارچێوەوە و یەكانگیرییەک بەدیدەكرێت لە ناساندنەكاندا. بە بڕوای (دەیڤید نابل- سەرۆكی سەنتەری ڕۆژنامەنوسانی نێودەوڵەتیی) بنكۆڵكاری كردە و ڕێبازێكی ڕێكخراوە، كە پشت دەبەستێت بە لێكۆڵینەوە و وردبونەوە و بنكۆڵكردنی بابەتییانە بۆ جەختكردنەوە لە ڕاستیی هەواڵ و ئەوەی شاردراوەتەوە، كە هەڵقوڵاوی باوەڕبونە بە ڕونیی (شەفافییەت) و بەگژداچونەوەی گەندەڵیی، پابەندبون بەوەی ڕۆژنامەوانی ئەركی چاودێریكردنە بەسەر كردەكانی حكومەتەوە، و ئامرازێكە بۆ لێپرسینەوە لە بەرپرسان بەرامبەر كارەكانیان لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا، لە بەرامبەر باوەڕبون بە یاساكان و مافی بەدەستهێنانی زانیاریی. (الحمام، ٢٠١٤، ص١٤)

هەروا (دەیڤید كابلان- دامەزرێنەری تۆڕی ڕۆژنامەوانانی بنكۆڵكاری لە واشنتۆن GIJN و سەرۆكی جێبەجێكاری ڕێكخراوەكە) دەڵێت: "بنكۆڵكاری بریتییە لە گرتنەبەری ڕێچكە و ڕێبازێكی ڕێكخراو، بۆ بەدواداچون و قوڵبونەوە لە ڕوداوێک بە گەڕانێكی كردەنیی و گرتنەبەری ڕێگای زانستیی بۆ گەڕان بە دوای زانیارییەكاندا لەلایەن خودی ڕۆژنامەنوسەكانەوە، بە پشتبەشستن بە دانانی چەند گریمانەیەک و پشتڕاستكردنەوەیان و دڵنیابون لەو ڕاستییانەی لە دەوری گریمانەكانن. (Kaplan,2013, p10)

هەروەها بە بڕوای (مارک هانتر – مامۆستای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی بنكۆڵكاری لە زانكۆی پاریس)، ئەو ڕۆژنامەگەرییەیە، كە شتە شاراوەكان بۆ جەماوەر دەردەخات، ئەو شتانەی كە كەسێكی پلەدار لە دەسەڵات بە مەبەست شاردویەتییەوە، یان بە ڕێكەوت ونبوە، لە پشت كۆمەڵێ ڕاستیی ناڕێكخراو و بارودۆخێک كە ئاسان نییە تێگەیشتنی، بە بەكارهێنانی سەرچاوەی زانیاریی نهێنی و ئاشكرا. (نوح، ٢٠١٥، ل٧)

**گەندەڵی:**

گەندەڵی لە زمانی كوردیدا، لە وشەیەكی ڕەسەنەوە وەرگیراوە كە ئاماژەیە بۆ داڕزین و بێكەڵكبون، پاشان چەمكەكە بەهەمان ماناوە لە بوارەكانیتری مرۆیی بەكارهاتوە، كە ئاماژەیە بۆ "داری وشكی كەڕەپوی كۆڵۆز". (محەمەد، ٢٠٢١، ل٦٤٠)، لە فەرهەنگی (هەنبانەبۆرینە)شدا بە مانای (داری ڕزیو) هاتوە. (هەژار، ل٧٣٦)

هاوواتای گەندەڵی لە زمانی كوردیدا وشەكانی (بەدكاری، بەزەڕی، بەگڕێشەیی، زەڕندەیی) بەكارهاتوە. (محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل٦٤٠)

نەتەوە یەککگرتوەکان پێناسەی گەندەڵی بەوە کردوە کە، بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بۆ قازانجی تایبەتی، کە لەشێوەی بەرتیل، پارەشاردنەوە، تاوانی ڕێکخراو و مافیاییەوە ئەنجام دەدرێت. (عاشور، ٢٠٠٦، ص٩٥). ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیش، گەندەڵی بەوە ناساندوە: "هەمو کارێکی خراپ بەکارهێنانی لێپرسراوێتی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بۆ خودی خۆی یان کۆمەڵەکەی گەندەڵییە".(الامارە، بشار، ٢٠١٢، ص١٥).

لەیاساشدا گەندەڵی بە تاوان هەژماردەکرێت و ئەنجامدەری ئەو کارە بەتاوانبار ناوزەند دەکرێت وەک لە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٤)ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عیراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) ئاماژەی پێکراوە، تاوانی گەندەڵی: "مەبەست لێی بریتییە لەهەر تاوانێک لەو تاوانانەی کە لە ماددەکانی (٢٢٣، ٢٢٤، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٩٠، ٢٩٣، ٢٩٦)ی یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) دەقیان لەسەرکراوە و تاوانەکانی پێشێلکاری بۆ ئەرکەکانی وەزیفەی گشتی کە، بریتیتن لە (بەرتیل، ئیختیلاس، و زیادەڕەوی فەرمانیەران لە سنوری وەزیفەکانیان و تاوانەکانی شوشتنەوەی مایە و داڵدەدان) (بەردەستکردنی ئەو سامانانەی دەرئەنجامی تاوان یان کەتنی گەندەڵی)(٢).

## ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری و ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی:

ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری وەک یەکێک لە هۆیەکانی سەرچاوەی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی، لە توانایدا هەیە ببێتە بەشێک لە ناوەندەکانی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی، کە دیاردەیەکە دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵ.

ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری کە، یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی چاودێریکردنە، دەتوانێت بەئاشکراکردنی گەندەڵییەکان و خستنەڕویان، ڕوبەڕوی گەندەڵی ببێتەوە و ببێتە هۆیەک بۆ فراوان نەبون و کەمکردنەوەی.

توێژەران ئاماژە بەوەدەکەن یەکێک لە ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتییە کە، گرنگی دەدات بە بەرژەوەندی گشتی، یاخود ڕۆژنامەگەریەکی دادپەروەرانەیە لە پێدانی زانیاری دروست و بیروڕا، هەربۆیە لەبەرامبەر کۆمەڵگادا لێپرسراوێتیەکەی زۆر گەورەیە، بەجۆرێک دەتوانێت ببێتە چاکەکارێکی بێهاوتا و بەپێچەوانەشەوە شەڕەنگێزێکی بێهاوتا کە کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا بەجێبهێڵێت، بەخستنەڕوی ڕاستگۆیانەی فێڵ و گەندەڵییەکان و، پێشکەشکردنی چارەسەری کێشەکان بە ژیرانە و هێمنانە بۆ ڕوداوەکان، دەتوانێت کاریگەرییەکانی بچەسپێنێت. (حجاب، ٢٠١٠، ص٤٧-٤٨)؛ هەمو ئەم ئەرکەش لەچوارچێوەی چاودێریکردندا دێتەدی، کە لە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکارییدا بەرجەستە دەبێت، هەربۆیە دەتوانین بڵێین ململانێکانی ڕاگەیاندن و دەسەڵات لێرەوە دەست پێدەکات کە میدیا دەبێتە چاودێر و وەک تەواوکەری دەسەڵاتەکانی تری حکومڕانی خۆی دەسەپێنێت. ڕاگەیاندن وەک دەسەڵاتێکی چاودێریکردن لەڕێگەی ئامڕازەکانی تاوتوێکردنەوە دێتە نێو پرۆسەی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵییەوە، بەجۆرێک لە زۆرێک لە توێژینەوە یاسایی و میدیاییەکان ئاماژە بەوەکراوە کە ڕێکخراوە گشتی و تایبەتەکان هەوڵیانداوە کەرەستە و ئامڕازی کارا بهێننە کایەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیادەیە بۆ کەمترین ئاست، کە بریتین لە خۆپارێزی و چارەسەر بە دوبارە پێداچونەوە و هەڵسەنگاندنی پلان و ئامانجەکان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

تا دەگات بە ڕێوشوێنی جێبەجێکردن. (الشمری و رشید، ٢٠١٦، ص٢٨٥). بەجۆرێک ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن دەبنە ناوەندێک بۆ تۆمارکردنو بڵاوکردنەوەی گەندەڵییو، هەڵەو لادانەکان لە دامەزراوەکانی کۆمەڵدا، ئەوەش لە پێناو پاککردنەوەی کۆمەڵ لە سەرجەم دیاردەکانی گەندەڵیی، هەروەک ڕۆژنامەنوسیی ڕۆڵ دەبینێت لە ڕێککردنەوەو چاککردنەوەی پێشوەختی خودی، ئەوەش لەڕێگەی پێدانی زانیاریی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە ئامانجی دەرکردنی بڕیار بۆ گۆڕانکارییو ڕاستکردنەوەی هەڵەکان.(رسول، ٢٠١٦، ص٦٥).

## ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا:

ڕاگەیاندن وەک یەکێک لە هۆیەکانی سەرچاوەی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی، لە توانایدا هەیە ببێتە بەشێک لە ناوەندەکانی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی، کە دیاردەیەکە دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵگا.

ڕاگەیاندن یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی چاودێریکردنە، دەتوانێت بەئاشکراکردنی گەندەڵییەکان و خستنەڕویان، ڕوبەڕوی گەندەڵی ببێتەوە و ببێتە هۆیەک بۆ فراوان نەبون و کەمکردنەوەی.

ڕاگەیاندنی کوردی لەڕێی ئامرازە جیاوازەکانەوە هەوڵیداوە ڕوبەڕوی گەندەڵی ببێتەوە، لەنێویاندا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی نوێی ڕاگەیاندن، وەک (محەمەد، ٢٠٢١، ل٥٦٧) لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەیدا بەدەستیهێناوە، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک توانیویەتی ڕۆڵی چاودێر ببینێت و ببێتە هۆیەک بۆ دژایەتیکردن و ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی، هەروەها بە ئامرازێکی گرنگ دانراوە بۆ بنکۆڵکارییکردن لە دۆسیەکانی گەندەڵیداو، لەتوانایدایە ببێتە ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری بەمەبەستی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی.

هەروەها ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا هەوڵیداوە کار لەسەر ئاشکراکردنی گەندەڵییەکان بکات وەک (عەلی، ٢٠١٧، ل٨٨) ئاماژەی پێدەکات، لەگەڵ ئەوەی چەندین بابەت هەبون بەدەر لە گەندەڵی ڕۆژنامەنوسانی هەرێم کاری بنکۆڵکاری لەسەر بکەن، بەڵام زۆرینەی بابەتەکان تایبەت بون بە خستنەڕوی گەندەڵی. خستنەڕوی گەندەڵی ئاماژەیە بۆ هەوڵدان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی، بەوەی کە جۆری گەندەڵی و شێوازەکەی خراوەتەڕو.

## باسی سێیەم: ناخشیکاریی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی بەرنامەی (بنکۆڵ)ی (کوردستان 24) و (سندوقی ڕەش)ی (دیبلۆماتیک مەگەزین)

لەم باسەدا، توێژەر ناخشیکاریی بۆ هەریەکە لە بەرنامەکانی (بنکۆڵ) لە کەناڵی ئاسمانی (کوردستان ٢٤) و (سندوقی ڕەش) لە پێگەی ئەلکترۆنی (دیبلۆماتیک مەگەزین) لە ماوەی ساڵێکدا لە (١/١-٢٠٢١/١٢/٣١) کردوە، کە تایبەتبون بە گەندەڵی. بەو هۆیەی بەرنامەکان نوێن و لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٢٠) دا دەست بە پەخشکردنیان کراوە. کە بەشێوەیەکی مەبەستدار وەرگیراون.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

بە جۆرێک بەرنامەی (بنکۆڵ) لە ماوەی ئەو ساڵەدا (٣١) بەرنامەی لێپەخشکراوە کە هەر بەرنامەیەک ماوەکەی (٢٥–٢٨) خولەکە، بەڵام توێژەر تەنها شیکاریی بۆ (١٧) بەرنامە کردوە، چونکە تەنها ئەو بەرنامانەی لە چوارچێوەی ئامانجی توێژینەوەکەدابون و، باسیان لە خستنەڕوی گەندەڵی کردوە.

هەرچی بەرنامەی (سندوقی ڕەش)ە، لە ماوەی ساڵی وەرگیراودا (٢١) بەرنامەی لێپەخشکراوە، کە تەنها (١) بەرنامەیان بەسی لە گەندەڵی نەکردوە و، لەنێو ئامانجی توێژینەوەکەوەدا نەبوە، واتە توێژەر شیکاری بۆ (٢٠) بەرنامە کردوە.

## ١. جۆری گەندەڵی:

**خشتەی (١): جۆرەکانی گەندەڵی**

| جۆرەکان | بنکۆڵ | | سندوقی ڕەش | | کۆی گشتیی | ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | | | |
| **دارایی و ئابوری** | ١٠ | ٪٥٨.٨ | ١٠ | ٪٥٠ | ٢٠ | ٪٥٤ | یەکەم |
| **کارگێڕی** | ٢ | ٪١١.٧ | ٤ | ٪٢٠ | ٦ | ٪١٦.١ | سێیەم |
| **کۆمەڵایەتی** | ٤ | ٪٢٣.٥ | ٤ | ٪٢٠ | ٨ | ٪٢١.٦ | دوەم |
| **ئاکاریی پیشەیی** | ١ | ٪٥.٨ | ٢ | ٪١٠ | ٣ | ٪٨.١ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ١٧ | ٪١٠٠ | ٢٠ | ٪١٠٠ | ٣٧ | ٪١٠٠ | |

ئەنجامی خشتەی (١) دەریدەخات، کە کارکردن لە دۆسییەکانی (گەندەڵیی دارایی و ئابوریی) لە پلەی یەکەمدایە و، کەمترین کارکردن لە دۆسیەی (گەندەڵیی ئاکاریی پیشەیی)دایە، لە کۆی ساڵێکی بەرنامەکانی تایبەت بە گەندەڵی، تەنها ٣٧ بەرنامە تایبەت بون بە بابەتی گەندەڵی.

ئەنجامەکان ئەوەیان ئاشکراکردوە، لە هیچ یەکێک لە نمونەی وەرگیراودا، کار لەسەر دۆسیەکانی (گەندەڵیی سیاسیی) نەکراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، ژینگەی کارکردن ڕێگرە لە کارکردن و دەستگەیشتن بە زانیارییەکان، دەستگەیشتن بە دۆسیە سیاسییەکان مەترسیدارترە و، ڕۆژنامەنوسانی بنکۆڵکار کەمتر خۆیان لەو جۆرە بابەتانە دەدەن کە دەستکەوتنی زانیارییەکانیان ئاسان نییە و، مەترسی لەسەر ژیانیان دروست دەکات، بەتایبەت لە ڕابردودا نمونەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوسان بونی هەبوە، لە کاتی کارکردنیان لە دۆسیە هەستیار و سیاسییەکاندا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

## ٢. گەندەڵیی دارایی و ئابوری:

**خشتەی (٢): جۆرەکانی گەندەڵی دارایی و ئابوری**

| | جۆرەکان | بنکۆڵ | | سندوقی ڕەش | | | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | کۆی گشتیی | ٪ | |
| گەندەڵیی دارایی و ئابوری | ساختەکاری | ١ | ٪١٠ | | | ١ | ٪٥ | چوارەم١ |
| | خۆدزینەوە لە باجدان | | | ١ | ٪١٠ | ١ | ٪٥ | چوارەم٢ |
| | داگیرکردنی زەویوزار | | | ٧ | ٪٧٠ | ٧ | ٪٣٥ | یەکەم |
| | یاریکردن بە نرخ | ١ | ٪١٠ | | | ١ | ٪٥ | چوارەم٣ |
| | فێڵکردن | ٤ | ٪٤٠ | | | ٤ | ٪٢٠ | دوەم |
| | زیادەڕەویکردن | ١ | ٪١٠ | | | ١ | ٪٥ | چوارەم٤ |
| | ئاسانکاریی بۆ کاری قاچاخ | | | ١ | ٪١٠ | ١ | ٪٥ | چوارەم٥ |
| | دیارنەمانی پارە | ١ | ٪١٠ | | | ١ | ٪٥ | چوارەم٦ |
| | بەهەدەردانی سامانی گشتیی | ٢ | ٪٢٠ | ١ | ٪١٠ | ٣ | ٪١٥ | سێیەم |
| کۆی گشتیی | | ١٠ | ٪١٠٠ | ١٠ | ٪١٠٠ | ٢٠ | ٪١٠٠ | |

ئەنجامی خشتەی (٢) ڕونیدەکەنەوە، زۆرترین کارکردن لە دۆسیەکانی (گەندەڵیی دارایی و ئابوری)، بە پلەی یەکەم لە بابەتی (داگیرکردنی زەویوزار)ـە، بە ڕێژەی ٣٥٪ کە تەنها لە پێگەی دیبلۆماتیک مەگەزین، کاری لەسەرکراوە. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە، زۆرینە درک بەو بابەتە دەکەن و دەتوانرێت بە ئاسانتر بەڵگەکانی دەستبخرێت. ڕۆژنامەنوسانیش زیاتر کار لەسەر ئەو دۆسیانە دەکەن، کە دەتوانن بە ئاسانی بەڵگەکان سەلماندیان بۆ بکەن تاوەکو دوربن لە هەڵە، بەتایبەت بەهۆی جێبەجینەکردنی تەواوی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیارییەوە، کێشەیان بۆ دروست دەبێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

## ٣. گەندەڵیی کۆمەڵایەتی

**خشتەی (٣): جۆرەکانی گەندەڵیی کۆمەڵایەتی**

| | جۆرەکان | بنکۆڵ | | سندوقی ڕەش | | | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | کۆی گشتی | ٪ | |
| گەندەڵیی کۆمەڵایەتی | گێچەڵپێکردن | ١ | ٪٢٥ | ٢ | ٪٥٠ | ٣ | ٪٣٧.٥ | یەکەم |
| | هەڵخەڵەتاندن | ١ | ٪٢٥ | | | ١ | ٪١٢.٥ | سێیەم١ |
| | بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر | | | ١ | ٪٢٥ | ١ | ٪١٢.٥ | سێیەم٢ |
| | چاوپۆشیکردن لە بازرگانیکردن بە ماددەی ناتەندروست | ٢ | ٪٥٠ | | | ٢ | ٪٢٥ | دوەم |
| | لادان لە کولتور | | | ١ | ٪٢٥ | ١ | ٪١٢.٥ | سێیەم٣ |
| | کۆی گشتی | ٤ | ٪١٠٠ | ٤ | ٪١٠٠ | ٨ | ٪١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (٣) ئاشکرایدەکەن، لەکۆی کارکردن لە (٨) دۆسیەی (گەندەڵیی کۆمەڵایەتیی)، بە ڕێژەی (٣٧،٥٪)، کارکردن بوە لە بابەتی (گێچەڵپێکردن)، بە جۆرێک هەردو نمونەی وەرگیراو کاریان لەسەرکردوە.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە (گێچەڵپێکردن) بابەتێکی هەستیاری کۆمەڵایەتییە، بە تایبەت لە نێو کولتوریی کوردیدا، ڕوی لەزیادبون کردوە، پێویستە کار بۆ کەمکردنەوە و بنبڕکردنی بکرێت، تاوەکو نەبێتە دیاردە، کە دواتر چارەسەرکردنی ئاسان نابێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

## ٤. گەندەڵیی کارگێڕی:

**خشتەی (٤): جۆرەکانی گەندەڵیی کارگێڕی**

| | جۆرەکان | بنکۆڵ | | سندوقی ڕەش | | کۆی گشتی | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | | | |
| گەندەڵیی کارگێڕی | ئاسانکارییکردن بۆ کاری نایاسایی | ١ | ٪٥٠ | | | ١ | ٪١٦.٦ | دوەم١ |
| | بەرجەستەنەبونی یاسا و کەم جێبەجێکردنی | ١ | ٪٥٠ | ١ | ٪٢٥ | ٢ | ٪٣٣.٣٣ | یەکەم |
| | دیارنەمانی بەروبوم | | | ١ | ٪٢٥ | ١ | ٪١٦.٦ | دوەم٢ |
| | گۆڕانکارینەکردن لە پۆستدا | | | ١ | ٪٢٥ | ١ | ٪١٦.٦ | دوەم٣ |
| | خراپیی خزمەتگوزارییەکان و دروستبونی چینایەتیی | | | ١ | ٪٢٥ | ١ | ٪١٦.٦ | دوەم٤ |
| | **کۆی گشتیی** | ٢ | ٪١٠٠ | ٤ | ٪١٠٠ | ٦ | ٪١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (٤) تایبەت بە، کارکردن لە دۆسیەکانی (گەندەڵیی کارگێڕیی) دەریدەخەن، بە پلەی یەکەم کار لەسەر بابەتەکانی (بەرجەستەنەبونی یاسا و کەم جێبەجێکردنی) کراوە.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە جێبەجێنەکردنی یاسا یەکێکە لە کێشە گەورەکان و بەلادان لێی و، جێبەجێنەکردنی، هۆکارە بۆ فراوانبون و ئەنجامدانی چەندین گەندەڵی، دواجار کۆمەڵ بەرەو لێواری لەناوچون و نوخرۆبون دەکات و نادادیی تەشەنە دەسەنێت، کە هۆکارە بۆ بەئەنجامگەیاندنی چەندین کاری نایاسایی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

## ٥. گەندەڵیی ئاکاریی پیشەیی:

### خشتەی (٥): جۆرەکانی گەندەڵیی ئاکاریی پیشەیی

| | جۆرەکان | بنکۆڵ | | سندوقی ڕەش | | کۆی گشتی | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | **دووبارە** | ٪ | **دووبارە** | ٪ | | | |
| گەندەڵیی ئاکاریی پیشەیی | سەرکوتکردن- ڕێگەنەدان بە دەربڕینی ناڕەزایەتیی و شاردنەوەی ڕاستییەکان | | | ٢ | ٪٦٦.٦ | ٢ | ٪٥٠ | **یەکەم** |
| | داواکاریی بەدەر لە کاری ڕاسپێردراو | | | ١ | ٪٣٣.٣ | ١ | ٪٢٥ | **دووەم١** |
| | خۆپۆشیکردن بە کاری هاوشێوە | ١ | ٪١٠٠ | | | ١ | ٪٢٥ | **دووەم٢** |
| | **کۆی گشتی** | ١ | ٪١٠٠ | ٣ | ٪١٠٠ | ٤ | ٪١٠٠ | |

ئەنجامەکانی کارکردن لە دۆسیەکانی گەندەڵیی ئاکاریی پیشەیی لە خشتەی (٥)دا ئەوە ڕوندەکەنەوە، بابەتی (سەرکوتکردن) بە پلەی یەکەمە لەم دۆسیەیەدا.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرجەستەنەبونی یاسا و نەڕەخسانی ژینگەی دیموکراسیی، کە تیایدا لەڕێی سەرکوتکردنەوە، ڕێگەنادات بە دەربڕینی ناڕەزایەتیی و ڕاستییەکان دەشاردرێنەوە، هەروەها بەشێکە لە بەرتەسکبونی ئازادیی ڕادەربڕین، کە بنەمایەکە بۆ بونی دیموکراسیی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

## ٦. سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیاریی:

**خشتەی (٦): سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیاریی**

| سەرچاوەکان | بنکۆڵ | | سندوقی ڕەش | | کۆی گشتیی | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | | | |
| شایەتحاڵ | ٤ | ٪٨.٨ | ٢ | ٪٦.٤ | ٦ | ٪٧.٨ | **پێنجەم١** |
| کەسانی پسپۆڕ | ٥ | ٪١١.١ | ١ | ٪٣.٢ | ٦ | ٪٧.٨ | **پێنجەم٢** |
| بەڵگەنامەکان | ١ | ٪٢.٢ | ١٠ | ٪٣٢.٢ | ١١ | ٪١٤.٤ | **یەکەم** |
| داتا و زانیارییە فەرمییەکان | ٦ | ٪١٣.٣ | ١ | ٪٣.٢ | ٧ | ٪٩،٢ | **چوارەم** |
| قوربانیان | ٧ | ٪١٥.٥ | ٣ | ٪٩.٦ | ١٠ | ٪١٣.١ | **دوەم** |
| توێژینەوەکان | ١ | ٪٢.٢ | | | ١ | ٪١.٣ | **نۆیەم١** |
| یاساکان- پەرلەمان | ٢ | ٪٤.٤ | | | ٢ | ٪٢.٦ | **هەشتەم** |
| بڕیار و ڕینماییەکانی حکومەت | ٣ | ٪٦.٦ | ٢ | ٪٦.٤ | ٥ | ٪٦.٥ | **شەشەم** |
| کەسێتیی حکومی | ٨ | ٪١٧.٧ | ١ | ٪٣.٢ | ٩ | ٪١١.٨ | **سێیەم١** |
| خۆگۆڕینی ڕۆژنامەنوس (خۆپۆشییکردن) | ٢ | ٪٤.٤ | ١ | ٪٣.٢ | ٣ | ٪٣.٩ | **حەوتەم** |
| سەرچاوەی تایبەت | | | ٦ | ٪١٩.٣ | ٦ | ٪٧.٨ | **پێنجەم٣** |
| ڕۆژنامەنوس | | | ١ | ٪٣.٢ | ١ | ٪١.٣ | **نۆیەم٢** |
| کەسی پەیوەندار بە بابەتەکە(کۆمپانیا،بازرگان،خاوەنکار) | ٦ | ٪١٣.٣ | ٣ | ٪٩.٦ | ٩ | ٪١١.٨ | **سێیەم٢** |
| **کۆی گشتیی** | ٤٥ | ٪١٠٠ | ٣١ | ٪١٠٠ | ٧٦ | ٪١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (٦) دەریدەخەن، بە پلەی یەکەم سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیارییەکان لە دۆسیەکانی گەندەڵیدا، (بەڵگەنامەکان)ن، بەڕێژەی (٪١٤.٤)، بەڵام لە سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیارییەکان لەلایەن نمونەی توێژینەوەکەوە، جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێت، بەجۆرێ لە بەرنامەی (بنکۆڵ)، بە پلەی یەکەم سەرچاوەی زانیارییەکان، لایەنی حکومییە، لەکاتێکدا لە بەرنامەی (سندوقی ڕەش)، بەڵگەنامەکانە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

ئەم ئەنجامانە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە بەشێکی ئەرێنییە لە سەرچاوەی زانیاریی، کە لەکاری بنکۆڵکارییدا پشتی پێدەبەسترێت و، یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکان، کە دەرچەیەکە بۆ دەرخستنی چەندین نهێنیی و سەرچاوەی تر. هەروەها بەشێکی تری بۆ سیاسەتی کەناڵەکان دەگەڕێتەوە، لەڕوی لایەنگریەوە، ئەگەرچی پێویستە لەکاری بنکۆڵکارییدا هەموو ئامانجەکان، خزمەتکردن بێت بە بەرژەوەندی گشتی.

## ٧. تایبەتمەندیی کەسێتیی سەرچاوەی زانیاری:

**خشتەی (٧): تایبەتمەندیی کەسێتی سەرچاوەی زانیاری**

| کەسێتی | بنکۆڵ | | سندوقی ڕەش | | کۆی گشتی | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | | | |
| ڕۆژنامەنوس | ٣ | ٪٢.٤ | ٢ | ٪٣.٥ | ٥ | ٪٢.٨ | **هەشتەم١** |
| پارێزەر | | | ١ | ٪١.٧ | ١ | ٪٠.٥ | **پانزەیەم١** |
| پزیشک | ٦ | ٪٤.٩ | | | ٦ | ٪٣.٣ | **حەوتەم١** |
| کەسێتیی حزبیی | | | ١ | ٪١.٧ | ١ | ٪٠.٥ | **پانزەیەم٢** |
| پۆلیس (پلەداری وەزارەتی ناوخۆ) | ٥ | ٪٤.١ | | | ٥ | ٪٢.٨ | **هەشتەم٢** |
| پەرلەمانتار | ١ | ٪٠.٨ | ٦ | ٪١٠.٧ | ٧ | ٪٣.٩ | **شەشەم** |
| هاوولاتی | ١٣ | ٪١٠.٧ | ٩ | ٪١٦ | ٢٢ | ٪١٢.٤ | **دوەم** |
| لایەنی حکومی- لێپرسراوی حکومی | ٤٠ | ٪٣٣ | ١٧ | ٪٣٠.٣ | ٥٧ | ٪٣٢.٢ | **یەکەم** |
| ئەکادیمی - پسپۆڕی بوارەکە | ١٤ | ٪١١.٥ | ٥ | ٪٨.٩ | ١٩ | ٪١٠.٧ | **سێیەم** |
| داواکاری گشتی | ١ | ٪٠.٨ | | | ١ | ٪٠.٥ | **پانزەیەم٣** |
| شایەتحاڵ | ٣ | ٪٢.٤ | ٢ | ٪٣.٥ | ٥ | ٪٢.٨ | **هەشتەم٣** |
| وەرزشەوان | ٢ | ٪١.٦ | ٤ | ٪٧.١ | ٦ | ٪٣.٣ | **حەوتەم٢** |
| قوربانیی | ١٢ | ٪٩.٩ | ٣ | ٪٥.٣ | ١٥ | ٪٨.٤ | **چوارەم** |
| هونەرمەند | ٣ | ٪٢.٤ | | | ٣ | ٪١.٦ | **نۆیەم١** |
| لێپرسراوی سەندیکا | ١ | ٪٠.٨ | | | ١ | ٪٠.٥ | **پانزەیەم٤** |
| کۆمەڵناس | ٣ | ٪٢.٤ | | | ٣ | ٪١.٦ | **نۆیەم٢** |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەسێتیی ئاینی | ١ | ٪٠.٨ | ٢ | ٪٣.٥ | ٣ | ٪١.٦ | نۆیەم٣ |
| کاسبکار | ٣ | ٪٢.٤ | ٢ | ٪٣.٥ | ٥ | ٪٢.٨ | هەشتەم٤ |
| خاوەنکار | ٢ | ٪١.٦ | | | ٢ | ٪١.١ | دەیەم |
| چالاکوانی مەدەنی | ٨ | ٪٦.٦ | | | ٨ | ٪٤.٥ | پێنجەم |
| قاچاخچی | | | ١ | ٪١.٧ | ١ | ٪٠.٥ | یانزەیەم٥ |
| چاودێریی دارایی | | | ١ | ٪١.٧ | ١ | ٪٠.٥ | یانزەیەم٦ |
| **کۆی گشتیی** | ١٢١ | ٪١٠٠ | ٥٦ | ٪١٠٠ | ١٧٧ | ٪١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (٧) ئاماژە بەوەدەکەن، لە پلەی یەکەمی تایبەتمەندیی سەرچاوەی کەسێتی زانیارییەکان لە ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی نمونەی توێژینەوەکەدا، (لێپرسراوە حکومیەکان)ـن، لە کۆتاپلەی ڕیزبەندییەکەشدا (داواکاری گشتیی) و (چاودێریی دارایی)ـن.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە داواکاری گشتیی بە تایبەت، نەبوەتە سەرچاوەی زانیارییەکان بۆ کارە بنکۆڵکارییەکان و ڕۆڵیان نییە لە دەرخستنی دۆسیەکانی گەندەڵیدا. هەوەها بونی لێپرسراوی حکومیی وەک سەرەکیترین سەرچاوە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان، لایەنێکی ئەرێنیە و، بنەمایەکە بۆ تێگەیشتن لە گرنگی بنکۆڵکاری و هاوکاریکردنی ڕۆژنامەنوسانی بنکۆڵکار.

## ٨. لایەنی بەئامانجگیراو:

### خشتەی (٨): لایەنی بەئامانجگیراو

| لایەنەکان | بنکۆڵ | | سندوقی ڕەش | | | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | کۆی گشتی | ٪ | |
| **هاووڵاتیان** | ٦ | ٪٣٥.٢ | ٥ | ٪٢٠ | ١١ | ٪٢٦.١ | یەکەم١ |
| **کەرتی تایبەت** | ٥ | ٪٢٩.٤ | | | ٥ | ٪١١.٩ | سێیەم |
| **دامەزراوە حکومییەکان** | ١ | ٪٥.٨ | ٣ | ٪١٢ | ٤ | ٪٩.٥ | چوارەم |
| **یانە وەرزشییەکان** | | | ٢ | ٪٨ | ٢ | ٪٤.٧ | پێنجەم١ |
| **خاڵە سنورییەکان** | ١ | ٪٥.٨ | ١ | ٪٤ | ٢ | ٪٤.٧ | پێنجەم٢ |
| **موڵکی گشتی** | ٣ | ٪١٧.٦ | ٨ | ٪٣٢ | ١١ | ٪٢٦.١ | یەکەم٢ |
| **شارەوانییەکان** | ١ | ٪٥.٨ | ٦ | ٪٢٤ | ٧ | ٪١٦.٦ | دوەم |
| **کۆی گشتیی** | ١٧ | | ٢٥ | ٪١٠٠ | ٤٢ | ٪١٠٠ | |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

ئەنجامەکانی خشتەی (٨) دەریدەخەن، لایەنی بەئامانجگیراو، لە ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان، لە پلەی یەکەمدا، (هاووڵاتیان، مۆڵکە گشتییەکان)ە، بە ڕێژەی (٢٦.١٪).

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە کارکردنیان بۆ بەرژەوەندیی گشتییە، کە هاووڵاتیان لە پلەبەندیی یەکەمی بەرژەوەندییەکاندان، هەروەها مولّکی گشتیش کە بە هەمانشێوە هاووڵاتیان بەشێکن لێی، لە ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکاندا، بەهەند وەرگیراون و کارێکی ئەرێنییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری گەندەڵییەکان لە خاڵە سنورییەکان، دەکرێت، کەمترین لایەنە کە بە ئامانجگیراوە، ئەمەش بۆ دەستنەگەیشتن بە زانیارییەکان و ڕێگری لە بەدەستهێنانی زانیارییەکان دەگەڕێتەوە.

## ٩. تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکانی پێکهاتەی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان:

**خشتەی (٩): تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکانی پێکهاتەی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان**

| تایبەتمەندییەکان | بنکۆڵ | | سندوقی ڕەش | | کۆی گشتی | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | | | |
| **ڕەسەنبون** | ٦ | ٪٣٥.٢ | ١٢ | ٪٦٠ | ١٨ | ٪٤٨.٦ | **یەکەم** |
| **قوڵبونەوە** | ٩ | ٪٥٢.٩ | ٨ | ٪٤٠ | ١٧ | ٪٤٥.٩ | **دووەم** |
| **زانستیبون** | ١ | ٪٥.٨ | | | ١ | ٪٢.٧ | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | ١٧ | ٪١٠٠ | ٢٠ | ٪١٠٠ | ٣٧ | ٪١٠٠ | |

ئەنجامەکانی دیاریکردنی تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکانی پێکهاتەی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان، لە خشتەی (٩)دا دەریدەخەن، کە تایبەتمەندیی ڕەسەنبون، لە پلەی یەکەمی پلەبەندییەکەدایە، بە ڕێژەی (٤٨.٦٪). ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان، بەرهەمی خودی هەوڵەکانی ڕۆژنامەنوسەکانە، کە خۆی لە ڕەسەنبوندا دەبینێتەوە و، یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهاتەی کاری بنکۆڵکاری.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

## ١٠. ئامانجی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان:

**خشتەی (١٠): ئامانجی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان**

| ئامانجەکان | بنکۆڵ | | سندوقی ڕەش | | کۆی گشتی | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | | | |
| هۆشیارکردنەوە | ١٠ | ٪٢٩.٤ | ٣ | ٪٧.٥ | ١٣ | ٪١٧.٥ | دوەم |
| ئاشکراکردنی ئابڕوچونەکان | | | ٣ | ٪٧.٥ | ٣ | ٪٤ | شەشەم١ |
| دروستکردنی ڕایگشتی | ١ | ٪٢.٩ | ٢ | ٪٥ | ٣ | ٪٤ | شەشەم٢ |
| ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی | ٩ | ٪٢٦.٤ | ١٦ | ٪٤٠ | ٢٥ | ٪٣٣.٧ | یەکەم |
| بەرژەوەندیی گشتی | ١١ | ٪٣٢.٣ | ١ | ٪٢.٥ | ١٢ | ٪١٦.٢ | سێیەم |
| ئاشکراکردنی ڕاستی و نهێنییە شاراوەکان | ٣ | ٪٨.٨ | ٨ | ٪٢٠ | ١١ | ٪١٤.٨ | چوارەم |
| سەروەرکردنی یاسا | | | ٧ | ٪١٧.٥ | ٧ | ٪٩.٤ | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | ٣٤ | ٪١٠٠ | ٤٠ | ٪١٠٠ | ٧٤ | ٪١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (١٠) ئاماژە بەوە دەدەن، بە پلەی یەکەم ئامانجی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان، (ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی)ـە. دواتر هۆشیارکردنەوە.

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان هەوڵی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵییان داوە و ڕۆڵیان هەیە لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵییدا، کە یەکێکە لە ئامانجی توێژینەوەکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

## ١١. بەهای ڕاپۆرتە بنكۆڵكارییەكە:

**خشتەی (١١): بەهای ڕاپۆرتە بنكۆڵكارییەكان**

| بەها | بنكۆڵ | | سندوقی ڕەش | | | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | كۆی گشتی | ٪ | |
| واقعیبون-خستنەڕوی ڕاستی | ٧ | ٪٥٠ | ١ | ٪٤.٧ | ٨ | ٪٢٢.٨ | دوەم |
| نیشتیمانپەروەری | ١ | ٪٧.١ | ٢ | ٪٩.٥ | ٣ | ٪٨.٥ | سێیەم١ |
| زانستیبون | ١ | ٪٧.١ | | | ١ | ٪٢.٨ | پێنجەم |
| دڵسۆزیی لە كاردا | ٢ | ٪١٤.٢ | | | ٢ | ٪٥.٧ | چوارەم |
| پارێزگاریكردن لە بنەما گشتییەكان (كولتور- ئاكار) | | | ٣ | ٪١٤.٢ | ٣ | ٪٨.٥ | سێیەم٢ |
| سەروەری یاسا | ٣ | ٪٢١.٤ | ١٥ | ٪٧١.٤ | ١٨ | ٪٥١.٤ | یەكەم |
| **كۆی گشتی** | ١٤ | ٪١٠٠ | ٢١ | | ٣٥ | ٪١٠٠ | |

لەخشتەی (١١)دا تایبەت بە بەهای ڕاپۆرتە بنكۆڵكارییەكان دەریدەخات، (سەروەریی یاسا) لە پلەی یەكەمدایە، بە ڕێژەی (٪٥١.٤). دواتر واقعیبونی ڕاپۆرتە بنكۆڵكارییەكان.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، ڕاپۆرتە بنكۆڵكارییەكان، مەبەستیانە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی، یاسا سەروەربێت و ببێتە بنەمایەک بۆ كەمكردنەوە و ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی، سەلمێنەری ئامانجی ڕاپۆرتە بنكۆڵكارییەكانە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

## ١٢. سنوری جوگرافی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکە

**خشتەی (١٢): سنوری جوگرافیی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان**

| سنور | بنکۆڵ | | سندوقی ڕەش | | کۆی گشتی | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | | | |
| هەرێمی کوردستان | ١١ | ٦٤.٧٪ | ٦ | ٣٠٪ | ١٧ | ٤٥.٩٪ | **یەکەم** |
| پارێزگای هەولێر | ٣ | ١٧.٦٪ | ٢ | ١٠٪ | ٥ | ١٣.٥٪ | **سێیەم** |
| پارێزگای سلێمانی | ٣ | ١٧.٦٪ | ١١ | ٥٥٪ | ١٤ | ٣٧.٨٪ | **دوەم** |
| پارێزگای هەڵەبجە | | | ١ | ٥٪ | ١ | ٢.٧٪ | **چوارەم** |
| **کۆی گشتی** | ١٧ | ١٠٠٪ | ٢٠ | ١٠٠٪ | ٣٧ | ١٠٠٪ | |

ئەنجامەکانی کارکردنی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە خشتەی (١٢)دا دەریدەخات، کارکردن بە پلەی یەکەم لە سنوری هەرێمی کوردستاندان بەشێوەیەکی گشتیی، ئەگەرچی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ پلەی دوەم کە لە سنوری پارێزگای سلێمانییە.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سنوری کارکردنی دەزگا ڕاگەیاندنەکان، ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی سنوری کارکردنەکانیان و نەتوانراوە تاڕادەیەک بەشێوەیەکی گشتگیرانە کاربکەن و لە چوارچێوەی سنورێکی دیاریکراودا دەمێننەوە. کە هەر کەناڵەو بەپێی شوێنی جوگرافی پەخشکردنی کاردەکات، هۆیەکیتر بونی زانیاری و پەیوەندی زیاتری ڕۆژنامەنوسانە لە شوێنی کارکردنیان، لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی کەناڵیش ڕەنگدەداتەوە تیایاندا. لەگەڵ بونی جیاوازی جزبایەتی و ئازادیی بەدەستهێنانی زانیاری لەهەریەکێک لە پارێزگاکاندا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

### ١٣. بەکارهێنانی بۆتە (قاڵب)ی هونەریی

**خشتەی (١٣): بۆتە بەکارهاتوەکان لە ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکاندا**

| بۆتەی بەکارهاتو | بنکۆڵ | | سندوقی ڕەش | | کۆی گشتی | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | | | |
| گفتوگۆئامێز | ٢ | ٪١١.٧ | ١ | ٪٥ | ٣ | ٪٨.١ | **دوەم١** |
| دانپیادانان | ٣ | ٪١٧.٦ | | | ٣ | ٪٨.١ | **دوەم٢** |
| وەسفکردن | | | ٢ | ٪١٠ | ٢ | ٪٥.٤ | **سێیەم** |
| خستنەڕو | | | ٣ | ٪١٥ | ٣ | ٪٨.١ | **دوەم٣** |
| تێکەڵەی بۆتەکان | ١٢ | ٪٧٠.٥ | ١٤ | ٪٧٠ | ٢٦ | ٪٧٠.٢ | **یەکەم** |
| **کۆی گشتیی** | ١٧ | ٪١٠٠ | ٢٠ | ٪١٠٠ | ٣٧ | ٪١٠٠ | |

ئەنجامەکانی خشتەی (١٣) دەریدەخەن، کە لەبەکارهێنانی بۆتە هونەرییەکان لە خستنەڕوی زانیارییەکاندا، بە پلەی یەکەم، تێکەڵەی سەرجەم بۆتەکان بەکارهێنراوە. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، بتوانرێت سود لە سەرجەم بۆتەکان وەربگیرێت، تاوەکو بتوانرێت بە باشتر زانیارییەکان بگەیەندرێت و بەدوربن لە چەقبەستن بە تەنها بۆتەیەکەوە، کە زۆرکات بێزاریی لای وەرگر دروستدەکات.

## ئەنجامەکان:

١. بەپێی ئەنجامەکان دەردەکەوێت، ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان کاریان لەسەر دەرخستنی بابەتەکانی گەندەڵی کردوە، بەمەبەستی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی.
٢. ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان هەوڵی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵیانداوە، بەشێوەیەک لە ماوەی ساڵێکی کارکردیاندا زۆرترین بەرنامەیان تەرخانکردوە، بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵی تا لەڕێیەوە هەوڵی ڕوبەڕوبونەوەی بدرێت.
٣. ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان هیچ کارێکیان لەسەر دۆسیەکانی (گەندەڵیی سیاسیی) نەکردوە، لەبەرامبەردا زۆرترین کاریان لەسەر گەندەڵی (دارایی و ئابوری) کردوە.
٤. ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان تاڕادەیەک کاریان بە تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکانی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان کردوە، بەشێوەیەک سەرجەم تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکان کاریان تایادا کراوە بەڕێژەی جیاواز.
٥. ئاستی بایەخپێدانەکانی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان بەجۆرێکە کە زۆرترین ئامانجیان ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵییە لە پلەی یەکەمدا.
٦. سەرچاوەی سەرەکی لەڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکاندا پشتبەستنە بە (بەڵگەنامەکان).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

٧. (داواکاری گشتی) وەک سیفەتی کەسێتی سەرچاوەی زانیارییەکان، کەمترین بەشداریان هەبوە.
٨. جیاوازی لە سنوری جوگرافی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکاندا بەدیدەکرێت، بەجۆرێک بونی ئازادیی ڕادەربڕین تیایاندا ڕەنگیداوەتەوە.

## پێشنیار:

توێژەر پێشنیار دەکات توێژەرانیتر، کاربکەن لەسەر:

١. ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەنوسان لە خستنەڕوی بابەتەکانی پەیوەست بە گەندەڵی.
٢. ڕۆڵی ڕاگەیاندنکاری بنکۆڵکار لە خستنەڕوی دۆسیەکانی گەندەڵی.
٣. بەراوردی بایەخدان بە دۆسیەکانی گەندەڵی لە کەناڵە حزبی و ئەهلییەکاندا.
٤. کاریگەری ئاشکراکردنی بابەتەکانی گەندەڵی لەسەر لایەنی فەرمی.

## ڕاسپاردە:

١. ڕاگەیاندنەکان زیاتر گرنگی بە کاری بنکۆڵکاری بدەن و بەپێی تایبەتمەندییەکانی کاری بنکۆڵکاری مامەڵەبکەن.
٢. ڕاگەیاندنەکان وەک چەشنێکی گرنگ و پڕبەها لە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری بڕوانن.
٣. ڕاگەیاندنەکان کارکردنەکانیان بەجۆرێک ئاراستەبکەن ببنە هۆیەک بۆ ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی.
٤. ڕاگەیاندنەکان ببنە سەکۆیەک بۆ دەرخستنی گەندەڵییە سیاسییەکان لەپاڵ جۆرەکانی تری گەندەڵیدا.
٥. ڕۆژنامەنوسان کارەکانیان لە چوارچێوەی پارێزگا و ناوچەیەکی دیاریکراودا نەمێنێتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1

# The Role of investigative journalism in combating corruption in Kurdistan region (an analytical study)

**Jwan Jalaladeen Muhedeen[1] - Hersh Rasool Murad[2] - Hoshyar Mudhafar Ali[3]**

[1+3]Media Department, College of Arts, University of Salahaddin-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Public Relation and Marketing Department, College of Technical Administration, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

In this study, the role of investigative media in fighting corruption in the Kurdistan Region is examined. In order to show the role of the media in fighting corruption and to determine the degree of corruption, the journalistic reports and investigations of the programs (Bnkoll- investigate) and (Snduqy Rash- Black box) on Kurdistan 24 and Diplomatic Magazine were investigated the channels are located in the Kurdistan Regional Government (KRG) and, throughout the months of 2021, for all reports on corruption in both fists of the study.

This study is a descriptive study, non-analytical methods were used to analyze the content of the research articles, and the analysis is presented in several aspects, namely: identifying the types of corruption and including issues related to each type In the reports received. In the assessment, the researcher mapped the geographical boundaries of the research reports.

The results showed that although the research reports worked on identifying issues of corruption, to fight corruption, in the first place working on cases (financial and economic corruption), by (54%), but did not work on political corruption cases. While their main objective was to fight corruption (33.7%), and, in exposing corruption, there are differences in geographical boundaries, so that Sulaimani province has done the most work (37.8%), compared to Erbil province (13). 5%), and the results revealed that they worked to some extent within the characteristics of the research reports.

**Keywords:** Role, Investigative Journalism, Corruption, Kurdistan Region of Iraq.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1**

## سەرچاوەکان:


حەمەسالْح، ئاشتی (2017) ڕۆڵ و گرنگی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری، لەڕۆژنامەوانی کوردیدا-توێژینەوەیەکی مەیدانییە بۆدید و بۆچونی بەڕێوەبەری دەزگا میدیاییە چاپکراوەکانی شاری سلێمانی سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، Vol.4 No.2 (April).

حەمەغەریب، سادق(٢٠١٣) ڕۆڵی میدیا لە هۆشیارکردنەوەی تاک و ڕوبەروبونەوەی گەندەڵی، گۆڤاری ڕۆژنامەنوس، ژمارە (٣٣).

خەلیل، ئەرشەد(٢٠١٦) پشبەستنی جەماوەر بە بابەتی بەدواداچون لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.

محەمەد، کارزان(٢٠٢١) ڕۆڵی تۆڕی کۆمەلایەتی (فەیسبوک) لە ڕومالّی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە٤ ، کانونی یەکەمی.

مەجید، هێمن (٢٠١٩)، وانەی ڕاگەیاندنی بنکۆلکاری – خوێندنی بالا – دکتورا، بەشی ڕاگەیاندن- زانکۆی سلێمانی.

نوح، سامان(٢٠١٥)، دەروازەیەک بۆ ڕۆژنامەگەری بنکۆلکاری، چاپخانەی کارۆ، بەغداد-سلێمانی.

هەژار (١٣٦٩) هەنبانەبۆرینە، چاپخانەی پویا، تاران.

أبو الحمام، عزام(٢٠١٤) المنهج العلمي في الصحافة الاستقصائية، عمان، الاردن، دار أسامة للنشر والتوزيع.

الامارة، بشار محسين (٢٠١٢) دور السلطة التشريعية في مكافحة الفساد الوظيفي، رسالة ماجستير، جامعة النهرين، كلية الحقوق، العراق.

حجاب، محمد منير (٢٠١٠) نظريات الاتصال، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة- مصر.

حمام، روان عماد (٢٠١٩) دور الصحافة الإستقصائية في كشف قضايا الفساد من وجهة نظر الصحفيين الأردنيين،ماجستير، الاردن، الجامعه الشرق الاوسط، كلية الاعلام.

رسول، هيرش (٢٠١٦)، الوظيفة الرقابية للصحافة، مكتبة زين الحقوقية والادبية، بيروت، .

سبع، بشرى داود (٢٠١٩) أساليب المعالجة الإعلامية للقضايا السياسية في البرامج التلفزيونية الاستقصائية (برنامج (ما خفي أعظم من قناة الجزيرة) أنموذجا، مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، المجلد (٣)، العدد (١٢): ٣٠ كانون الاول.

الشمري،حاتم بدوي و رشيد، ابتهال جاسم (٢٠١٦) دور وسائل الاعلام في مكافحة الفساد العراق انموذجا، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية ، مجلد ٦، العدد ٤ ، اصدار خاص بالمؤتمر الوطني للعلوم والآداب.

عاشور،احمد صقر (٢٠٠٦) المشاريع الدولية لمكافحة الفساد، دار العربية للعلوم، بيروت.

عبدالباقي، عيسى (٢٠١٣) الصحافة الاستقصائية أطر نظرية ونماذج تطبيقية، دار العلوم، القاهرة.




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1**

Camaj, (2012)Lindita The Media's Role in Fighting Corruption: Media Effects on Governmental Accountability, The International Journal of Press/Politics, XX(X) 1–22, © The Author(s).

Kaplan, David E (2013)Global Investigative Journalism: Strategies for Support, 2nd Edition.

## پەراوێزەکان:

١- پ.ی.د. مەغدید خدر ئەحمەد- زانکۆی سەلاحەدین.

٢-. پ.ی.د. هێمن مەجید حەسەن- زانکۆی سلێمانی.

٣- پ.ی.د. فوئاد عەلی ئەحمەد- زانکۆی سلێمانی.

٤- پ.ی.د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵلا- زانکۆی سلێمانی.

٥- پ.ی.د. ئاراز ڕەمەزان ئەحمەد-زانکۆی ڕاپەڕین.

٦- پ.ی.د.کاروان عەلی قادر-زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

٧- پ.ی.د.عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا -زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.

(٢) - یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٤)ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عیراق ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١١). وەقائقی کوردستان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper1